بۆ شەهید سەعید یەزدانپەنا

# شەهید گوڵە

جەلال مەلەکشا

من هەرگیز شێعر بۆ پادشا و بۆ سوڵتان و

بۆ سەرۆك و رابەر ناڵێم

من هەرگیز شێعر لە بەرۆکی پیاوکوژ نادەم

شێعر ناکەم بە گۆچانی گەدایی و

سەر بە دەرگای هیچ گەورەماڵێکا ناکەم

بەڵام بۆ گوڵ ،

بۆ پەپوولە و بۆ ئەستێرە

تا بتوانم ئەچریکێنم

شەهید گوڵە

شەهید ئەستێرەی ئاسمانی نیشتمانە

شەهید پەپوولەی رەنگینی باڵی

باغی گەلە و ...

رۆحی هەڵۆی بەرزە فڕی ..

شاخەکانی کوردستانە .

★★★

ئەی پەپوولەی ئەوینداری —

- شیلەی گوڵزاری سەربەستی

ئەی ئەستێرەی ئاسمانی تەمتۆمانی وڵاتەکەم

ئەی نەو گوڵی باغی ئاوات
ناوت ئەکەم بە ملوانکە
بۆ گەردنی کام شاخ بەرزە
ناوت ئەکەم بە تووی ئومید ..
بۆ نێو دڵی چەوساوەکان
ئەی پەڵەنگی کۆڵنەدەری " سەقز لوو " —
ئەی شەهید سەعید .
تۆ نەمردوی . . .
ها .. زایەڵەی تفەنگەکەت
هەر شاخ بە شاخ دەچیت و هەر نابریتەوە .
وشە وشەی ناوە پیرۆزەکەت دەڵێی
کەوە مووروی ملوانکەیەکی زیرینە و
لە گەردنی چیای شاهۆ ، پیرەمەگرون ، قەندیل و ئاگری ئاڵاوە
خوێنت چۆمێکی بەخوڕە . . .
لە دەماری یەك بە یەکی پیشمەرگەکانا دەجمێت ..
کوڕی رەشی کوردستانی گەورە و مەزن
تۆ تووی شۆرشت بۆ گەیشتن بە ئاواتی مێژینەی کوردان چاندووە
ئەو تفەنگە بەزیوانەی
لە هەوراز بۆ نشێو دەچن
ئەو لووتکانەی
سەریان بەرە و بنارەکان شۆڕ کردووە
قەت نازانن
ئەم دایکە نەزۆك نییە

ئەم ئاسمانە بەبێ هەڵۆ قەت هەڵ ناکا

بووی بەتانەو کەوتیتە سەر گلێنەی چاویان

بووی بە درِك و رِۆچویتە ناو دڵ و دەروون و هەناویان

هەموو چوون و

نیشتمانیان بەجێ هێشت و

لە ژێر تیشکی چل چرای نێو مەیخانەکانی لەندەن و بون و پاریس و ئۆپسالا

کوردایەتی رشایەوە

بەڵام تۆ توند باوەشت کرد بەم دایکە خەمبارەدا و ..

وەك مەولانا ئەنبەر خاتوونی دڵبەرت جێنەهێشتو

وەك دیوانە

لە ناو گرِی عەشقی شەمدا توایتەوە

دارەبەنی عەشقێکی پاك نەبێ چلۆن

سیامەندێ ئەچێ بە گژ کوێستانێکا ؟

ئەی خەزاڵێ نەبێ چلۆن کاکە لاسێ

بۆ هێنانی گوڵی مەبەست

هەڵدەزنی بە هەڵالانێ سەر کەشا

تۆ لە خاکی دڵی شەیدای ئەویندارانی کوردستان

تۆ لەتۆرمەی کەڵە پیاوانی ئوستورە و

تۆ لە خۆناوی سپێدە و

تۆ لە زنجیرەی قەقنەس و

تۆ لە سرتەی باڵی پەپوولە خۆڵقابووی .

چون دڵیان هات ،

**چرای دڵی تۆ خامۆش کەن**

**چون دڵیان هات**

**رۆحی پەپوولە بکووژن و**

**خوناو لە گوڵ بسرنەوە .**

**چون دڵیان هات**

**مەولانا لە عەنبەر خاتوون دوور خەنەوە .**

**ئەیان زانی ، پەری خانی کوردستانیبەتۆ نـەبێ ، لـە قەڵاچـەی دێـوی داگیرکـەری بەد خوو رزگار نابێ ●**